# هۆکارەکانی زیادبوونی تەڵاق لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا چییە؟



**لەماوەی چەند ساڵەی رابرد رێژەی تەڵاق یەکجار زۆر بووە و تەڵاق بۆتە دیاردەیەکی باوی ناوکۆمەڵگاکەمان بەتایبەتیش ئەو گەنجانەی تازە ژیانی هاوسەریەتییان پێک هێناوە دەکەونەوە داوی تەڵاق. لەماوەی ساڵی رابردوو (٢٠٠٦) نزیکەی (٢٨٢٧) حاڵەتی تەڵاق لەدادگای هەولێر تۆمار کراوە، ئەم ژمارەیە لەچاو ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی بەرچاوە پێویستە چارەسەرییەکێ بۆی بدۆزرێتەوە. لێرەدا باس لە گرفتە سەرەکییەکانی تەڵاق دەکەین با بزانین هۆکارەکانی پەرتەوازە بوونی ژیانی هاوسەریەتی چین؟**

**ریپۆرتاژ: هانا گۆران**

**(أ –س) ئەو ئافـــرەتـەی داوای تەڵاقی کردووە لە دادگای هەولێر:** ژیانم زۆر ناخۆش بوو، هاوسەرەکەم شەو، رۆژی بۆم نەهێـشـتـبـوو، هەڵدەسـتـا و دادەنیشت دەستی بەرز دەکردەوە بۆ لێدانم. شەڕی دەروونی لەگەڵ دەکردم و نەیدەویست یەک رۆژ ئاسودە بم. من زۆرم لێ قبوڵ دەکرد لەبەر خـاتری منداڵەکـانم هەمـوو ئازارێکم دەچێشت، بەڵام دوایی تەحـەمـوولم نەمـاو داوای تەڵاقم کـرد، ئێـسـتـاش لێی جـودا بوومـەوە و ئاسوودە بووم منداڵەکانیشم لای خـۆمـە و ئامـادەم بە خـێـویان بکەم، هەمـوو مرۆڤێک سەبری هەیە بەڵام لە ناکاو رادەبێ و مـافـەکـانی خـۆی داوا دەکـات، منیش لە رێگەی دادگاوە مافەکانم وەرگرت.

**(م–ع) ئەو لاوەی مـاوەی دووسـاڵە ژیانی هاوسـەری پێک هێنابوو و ئێـسـتـا لە جـودابوونەوەدایە گـوتی:** من دووسـاڵە ژنم هێناوە، هەموو رۆژێ لە ماڵی باوکی بوو هەر یەک قـسـەم کـردبا هەمـوو خـێـزانەکـە دەهاتنە ناو کـێـشـە و گـرفـتی ئێـمـەوە و ژیانمانی خستبووە مەترسی، ئەوان داوای خانووبەرە و پارە و ئوتومبێلیان لێ دەکردم منیش توانایی دابینکردنی ئەو هەموو شتانەم نەبوو، بۆیە بۆ بە خـۆم داوام پێـشـکەش بەدادگـا کـرد و لە هاوسەرەکەم جودا بووینەوە.

**سەرەتا حاکم(زاهیر مـحـەمـەد مـسـتـەفا) قـازی شەرعی دادگـای باری کـەسی هەولێـر، دەربارەی ئەم دیاردەیە گوتی:** هەروا کە زەواج شـەرعی خـودایە و ئەحکامی خـۆی هەیە، تەڵاقیش لە شـەریعـەتی ئیسلام وەرگیراوە و حەڵاڵە، بەڵام حاڵەتەکانی تەڵاق دان و لێک



جیابوونەوە جۆراوجۆرە و هەر یەکێک و بە نەوعی خۆیە. یەکێک لەو حاڵەتانە، داکۆکی نێوان، ژن ومێردە، هەیە پیاو ژنەکەی لەلای مەلای ئایینی تەڵاق دەدات یان لەلای دووشایەت بە تەلەفوزی تەڵاق ژنەکەی تەڵاق دەدات ئینجا سەردانی دادگا دەکەن بۆ پەسەندکردنی تەڵاقەکە لێرەش دادگا هیچی پێ ناکرێ و بەپێی مادەی ٣٩ لە یاسای باری کەسی، تەڵاقەکە پەسەند دەکات.

**هەروەها حاکم زاهیر گوتی:** زۆربەی حاڵەتەکانی تەڵاق کەلە دادگا تۆمار کراوە، دەگەڕێتەوە سەرباری دارایی، لەو سەردەمەی ئێستا، گەنجانمان حەز دەکەن خانووی تایبەتیان هەبێت و لەماڵی خۆیاندا ژیانی هاوسەریەتی دەست پێ بکەن بەڵام کەدەکەونە ناو ژیانی ئاسایی و راستەقینە دەبینن توانای دابینکردنی ئارەزووکانی خۆیانیان نییە و گرفت لە نێوانیان پەیدا دەبێت و ئینجا دایک و باوک وکەس وکاری هەردوو لایەن تەداخولی گیروگرفتەکان دەکەن جا چ بەباشی چ بە خراپی بێت، کە کێشەکەیان پێ چارەسەر نەکرا، رێگای تەڵاق دەگرنە بەر.

هەروەها بچووکی تەمەن لە هەردوولایەنی زەواج، هۆکارێکی تری تەڵاقە، چونکە تەمەنی کوڕ وکچ کەمە و بە نەزانی ژیانی هاوسەریەتی پێک دێنن، تووشی گرفت دەبنەوە، و لە بەرامبەر کێشەکانیشیاندا خۆڕاگر نین بۆیە ئاسانترین رێگەی چارەسەر



دەگرنەبەر ئەویش تەڵاقە. لێرەدا خێزان رۆڵی سەرەکی هەیە لەسەر پەروەردەکردنی لاوان، پێویستە خێزانەکان پێش ئەوەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئامۆژگاری تایبەتی گەنجان بکەن و بۆ بەسەربردنی ژیانێکی راستەقینە ئامادەیان بکەن. گرنگە گەنجانمان بزانن لەژیانی راستەقینەدا دەبێ سەبر و لێبووردەیی هەبێ و گیروگرفتەکانی ژیان بە زانیاری چارەسەر بکرێت.

**هەروەها حاکم زاهیر گوتی:** پێویستە لاوانمان پێش ئەوەی سەردانی دادگا بکەن بۆ مارەکردن، لەکاتی پشکنینی خوێن لە نەخۆشخانەکان، لیژنەیەکی تایبەت کە پێک هاتبێت لە دکتۆری پسپۆر وتوێژەری کۆمەڵایەتی، پێشوازی لە گەنجانمان بکەن و ئامۆژگاری ئەو دوو گەنجە بکەن بۆ چۆنییەتی دروستکردنی ژیانی هاوسەرییەتی و ئاگاداری گیروگرفتەکانی ژیانی هاوبەش بکرێن. و هیوادارم حکومەتی هەرێم ئەم هەنگاوە بە ئەرکی خۆی بزانێت و پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بخاتە ئەستۆی خۆی تا رادەیەک کێشەی هاوسەران کەم بکاتەوە.

**حاکم زاهیر لە درێژەی قسەکانی دا گوتی:** ئێمە لە دادگاوە پێش ئەوەی بڕیاری تەڵاق دەربکەن، هەوڵی ئاشتبوونەوی هاوسەرەکان دەدەین و بە هاوکاری توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانمان بەدوای چارەسەرییەک جگە لە تەڵاق دەگەڕێین، بەڵام ئەوکاتەی هیچ رێگایەکمان نەدۆزییەوە ئینجا بڕیاری تەڵاق دەردەکەین. هەروەها حاکم زاهیر گوتی: زۆرجار حاڵەتی وامان هەبوو هەردوولا باسی هیچ کێشەیەکی خۆیان ناکەن و تەنیا ئەوە دەڵێن کە ئیتر ناتوانن لەگەڵ یەکتر ژیان بەسەر ببەن و لێرەش ئێمە هیچمان پێ ناکرێ.

**پارێزەر خاتوو"ژیان گەردی" سەبارەت بە پەرەسەندنی رێژەی تەڵاق گوتی:**

زۆربەی کێشەکانی هاوسەران لێکتێنەگەیشتنە، ئەو گەنجانەی ژیانی هاوبەش پێک دێنن نازانن بەراستی مانای ژیانی هاوسەریەتی چییە و تەنیا مەبەستیان لە ژن ومێردایەتی نیازەکانی دەروونییانە. بەڵام لە ئەساسدا وا نییە و ژیانی ژن و مێردایەتی بریتییە لە مەسئولیەت ومەسلەحەتی هاوبەش. زۆرجار هاوسەران لەسەر مەسلەحەتەکانیان ناگەنە یەکتری جا چ لە رووی دارایی بێت یان کۆمەڵایەتی بێت یاخود باری دەروونی.

کە نەگەیشتنە ئاکامێکی هاوبەش بڕیاری جودا بوونەوە دەدەن.

**هەروەها خاتوو ژیان گوتی:** زۆربەی گەنجانمان هیچ لە ژیانی هاوبەش نازانن و خۆیان بەناو ژیانی هاوسەریەتیدا دەدەن، پاشان کەنەیانتوانی مەسئولییەتی قورسی ژیانی راستەقینە هەڵگرن لە یەکتر جودا دەبنەوە، پارێزەر ژیان دەڵێت: تەڵاق تەنیا گەنجان ناگرێتەبەر بەڵکو حاڵەتی وامان هەبووە پاش تێپەڕبوونی ٢٥ساڵ ژیان لەگەڵ یەک، بڕیاری جودا بوونەوەیان دەرکردووە.

**گرنگە گەنجانمان بزانن لەژیانی راستەقینەدا دەبێ سەبر و لێبووردەیی هەبێ و گیروگرفتەکانی ژیان بە زانیاری چارەسەر بکرێت**